# دڵنەرمی

یاسین بانیخێلانی

شەمەندەفەرەکە لە شاری (شتوتگارت) ەوە بەرەو (میونشن) بەڕێکەوت. لەو فارگۆنەی تایبەت بوو بە جگەرە کێشان پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵە لەگەڵ ئافرەتێکی هاوتەمەنیدا لەسەر کورسییەکانی ناوەڕاست دانیشتبوون. پیاوەکە جگەرەیەکی قاوەیی ئەستوری بەلادەمەوە گرتبوو لەگەڵ ئافرەتەکەدا بەردەوام قسەی دەکردو هەندێ جار ملی بە لاشانی ئافرەتەکەدا خواردەکردەوە، بەڵام ئافرەتەکە وەك ئەوەی تەنها بەجەستە لەناو شەمەندەفەرەکەدا بێت و ئاگای لە قسەکانی ئەو نەبێت هەندێك جار لەخۆیەوە سەری ڕادەوەشاندو بزەیەکی دەکرد.

لەکورسییەکانی پشتەوەیان دوو پیاوی بەتەمەن دانیشتبوون بیرەیان دەخواردەوەو وەك ئەوەی نەخوازن کەس گوێی لە قسەکانیان بێت سەریان بەیەکەوە نابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار قاقایەکی بەرزیان بەشێوەیەك لێدەدا، سەرنجی هەموو دانیشتوانی ناو فارگۆنەکەیان بۆلای خۆیان ڕادەکێشا، لەوەش سەیرتر هەندێك هەڵسوکەوتی ئەو دوانە زیاتر لەهەڵسوکەوتێکی گەنجانە دەچوو، کاتێك سەریان بەیەکەوە دەناو بەتیلەی چاوەکانیان سەرنجی ئەو کیژەیان دەدا، کە لەبەرامبەر ئەوان و لە هەمان ڕیزە کورسی پیاوو ژنەکە دانیشتبوو.

سەرەتا کیژەکە لەبەر ئەوەی سەرقاڵی تەلەفونکردن بوو، هەستی بەو هەڵوێستەی ئەوان نەدەکرد، بەڵام لەبەر دووری ڕێگاو بێزاربوون و نا ئارامی کیژەکە، کەلەوە دەچوو بۆ سەردانی کەسێکی خۆشەویستی بڕوات و ئەو کەسەش لە وێستگای ئەو شارەی بۆی دەچێت چاوەنواڕی بکات، ئەوەندە بەملاودا ملی سوڕداو چاوی گێڕا ئەو دیمەنە ناشیرین و دزێوەی کەوتە بەرچاو، کە زیاتر لە دوو کەس دەچوون کاتێك بۆ دزیکردن بڕۆن!.

شەمەندەفەرەکە بەردەوام پێچەکانی بەهەمان خێرایی بەسەر هێڵە ئاسنینەکاندا دەئاژوو، پیاوەکەش جگەرەکەی لادەمی زوو زوو دەکوژاندەوەو بە چەرخەکەی ناو دەستی دیسان پێی دەکردەوەو بەردەوام دەبووەوە لە قسەکانی، ئەگەرچی ژنەکە وەك ئەوەی لەو قسەکردنانە بێزار بوو بێت یا نەخوازێت گوێی لێیان بێت، هەندێك جار چاوەکانی دەنوقاندو خۆی بە پشتا دەخست وەك بە پیاوەکە بڵێ: چیتر بەسە با لەیەك جێگاوە ماندوو بم. کیژەکەش وەك ئەوەی ئێستا نا کەمێکی تر بەو کەسە دەگات، کە چاوەنواڕێتی، ئەوەندە نائارم بوو لەگەڵ هەر چاوگێڕانێکیدا بۆ دەرەوە سەیرێکی تەلەفونەکەی ناو دەستی دەکردو هەناسەیەکی هەڵدەکێشا وەك بڵێت: ئەگەرچی ئەم ڕێگا دوورە نابڕێتەوە، کەچی ئەویش زوو زوو زەنگێکم بۆ لێنادات تا لەنزیکبوونەوەم بۆ لای ئاگاداری بکەمەوە.

دوو پیاوەکە بە دیمەنی نائارامی و بێ ئۆقرەیی کیژەکە گاڵتەیان دەهات و جا نا جارێك چاوێکیان بە ناو فارگۆنەکەدا دەگێڕا وەك بە شوێن کەسێکدا بگەڕێن تا ئەو گاڵتەو لاقرتێکردنەی پێ ڕابگەیەنن، بەڵام کاتێك کەسیان دەستنەدەکەوت سەریان بەلای کیژەکەدا سوڕدەداو لچەکانیان هەڵدەقورتاند.

لەو کاتەی شەمەندەفەرەکە لەشاری (ئولم) ڕاوەستا کیژەکە بەپەلە جگەرەیەکی پێکردو هەستایە سەرپێ پەنجەرەکەی لای خۆی کردەوەو ملی بردە دەرەوەو بە سەرو خواردا بە خێرایی چاوەکانی دەگێڕاو توند مژی لەجگەرەکەی نێوان پەنجەکانی دەدا، هەردوو پیاوەکەش بەو هەڵوێستە وەك جارەکانی تر گاڵتەیان دەهات و لەگەڵ هەر سەرلەیەکتر نزیککردنەوەیەك و هەندێ چپەچپەوە قاقایەکی بێزارکەریان لێدەدا.

شەمەندەفەرەکە دیسانەوە بەڕێکەوت و تا دەهات خێراو خێراتر پێچەکانی دەئاژوو، لەگەڵ خێرایکردنەکەیدا دەنگی مەکینەکەی وەك دڵی مرۆڤ لەکاتی ماندووبووندا زیاتر و زیاتر دەهاتە بەرگوێ، نەفەرەکانیش لەگەڵ زیاد بوونی ئەو دەنگەدا بێدەنگ و بێدەنگتر دەبوون تا ئەو کاتەی کابرایەکی ڕیشنی دەم وچاو قوپاو بە جل و بەرگێکی چلکنەوە خۆی بەناو فارگۆنەکەی ئەواندا کرد. دیمەنی ئەو کابرا هێندە سەرنج ڕاکێش بوو، سەرنجی هەموو نەفەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، چونکە جگە لە دیمەنی سەرنجڕاکێشی خۆیی و جل و بەرگەکانی، کۆڵێکی گەورەو گرانی بەسەر شانەوە بوو، کە بە شێوەیەك پشتی چەماندبووەوە مرۆڤ وای هەست دەکرد هەموو ئازارو خەمەکانی لەناو ئەو کۆڵەدایە.

www.kurdistannet.org

پاش کەمێك وەستان و چاوگێڕان بەناو فارگۆنەکەدا دوو کورسی بەتاڵی لە هەمان ڕیزی تەنیشت دوو پیاوەکە بینییەوەو پێش ئەوەی خۆی دابنیشێت کۆڵەکەی لەسەر یەکێك لە کورسییەکان داناو پاشان لەتەنیشتییەوە دانیشت و شانی خستە سەر کۆڵەکە. دوو پیاوەکە کاتێك چاویان بە دیمەنی ئەو پیاوە کەوت وەك جارەکانی پێشوو سەریان بەیەکەوە ناو دەستیان بەچپە چپ کردەوەو هەندێك جار چاویان بەلای کیژەکەدا دەگێڕاو بە ئاماژەی چاو دەیانەویست بە کیژەکە بڵێن: سەیری ئەم دەعبا ناشیرینە بکە هاتۆتە تەنیشتمان، بەلام کیژەکە هەرزوو بە یاریکردن بە تەلەفونەکەی ناو دەستییەوە خۆی لە گاڵتەکردنەکانی ئەوان گێل دەکرد.

لەگەڵ بەردەوام دەنگی ماندووکەری کپی شەمەندەفەرەکە کابرا وەك بەشوێن کەسێکدا بگەڕێت چاوی بە ناو فارگۆنەکەدا دەگێڕا، بەلام لەوە نەدەچوو ئەو کەسەی ئەو بە شوێنیدا دەگەڕێت لەناو فارگۆنەکەدا هەبێت بۆیە ئاوڕی لەتەنیشت خۆی دایەوە بینی دەوو پیاوەکە بە چاوێکی پڕ لەگومانەوە تەماشای دەکەن و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی بزەیەکی تاڵ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی لەو دیمەنە نەگەیاندو سەری بەرەو لایان نزیککردەوەو هەندێك قسەی کرد، بەلام لەوە دەچوو ئەوان لە هەرێمێکی تروە هاتبوون و خەڵکی هەرێمی (بایەر) نەبن، بۆیە سەیری یەکتریان دەکردو سەری تێنگەیشتنیان ڕادەوەشاند !.

چەند جارێك کابرا بەدەنگی بەرزتر دانی بە وشەکانیدا دەنا بۆ ئەوەی ئەوان لە مەبەستەکەی بگەن، بەلام چی سودی نەبوو، چونکە ئەوان لەوە دەچوو ئەگەر لەمەبەستەکەشی تێبگەشتبان هەر خۆیان وا نیشان دەدا، کە تێینەگەن. ئەوان هەر لەمشت و مڕو قسەکردندا بوون جابیەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی بلیت هاتە فارگۆنەکەی ئەوان، بەلام لەو فارگۆنەدا هەر ئەو پیاوە نوێ سەرکەوتبوو ئەویش لە بری ئەوەی بلیتەکەی بداتێ ناسنامەکەی دایە دەستی و گوتی ببورە پارەم پێ نەبوو بلیت بکڕم بۆیە دەتوانیت لەسەر ناسنامەکەم بلیتم بۆ بڕیت.

– بۆ کوێ دەچیت؟ <جابیەکە پرسی>

– گرنگ نییە بۆ کوێ دەچم، بەلام من (بایەر تکت) م دەوێت.

لەو کاتەی جابیەکە خەریکی پڕکردنەوەی ئەو فۆرمەی تایبەت بوو بە بلیت بڕین لەسەر ناسنامەکەی، هەردوو کابرا تەماشای کیژەکەیان دەکرد، بە ئاماژە گاڵتەیان بەشێوەیەك پێ دەکرد، کە مرۆڤی هەراسان دەکرد، بۆیە کیژەکەش وەك بیەوێت خۆی لەو دیمەنە قێزەونە بشارێتەوە دیسانەوە دەستی بەیاریکردن بەتەلەفۆنەکەی ناو دەستییەوە کردەوە، بەلام ئەو پیاوەی بەرامبەریان وا بە قوڵی تەماشای دەکرد، کە چاوەکانی لەناو لۆچەکانی دەم و چاویدا زەق بووبوونەوە هەستی دەکرد ئازارێك لەناوەوە فشاری بۆ دەهێنێت، کە چیتر نەتوانێت بەرگەی بگرێت، بۆیە بۆ یەکەم جار بە هەموو هەناسەی ویستی قومێکی قوڵ لەجگەرەکەی لادەمی بدات، کە ئەو ئازارە بۆ خوارەوە ڕابماڵێت، بەلام وەك هەرجارێکی تر جگەرەکەی کوژابووەوە، بۆیە بەپەلە چەرخەکەی ناودەستی لە دەمی نزیککردەوەو پێیکردەوە. لەگەڵ یەك دوو مژلێدانی قوڵی جگەرەکەی لا دەمیدا هەندێ قسەی بە گوێی ژنەکەدا چرپاندو هەستایە سەرپێ بەرەو لای جابیەکە، کە تازە لە پڕکردنەوەی فۆرمەکە تەواو بووبوو ڕۆیشت.

– نرخی ئەو بلیتە چەندە؟

– بیست و یەك ئۆیرۆیە

– دەتوانم من پارەکەی بدەم

– بۆ نا

کابرا پارەی بلیتەکەی داو جابیەکەش لە بری فۆرمە پڕکراوەکەی ناو دەستی بلیتێکی بە کۆمپیوتەرە دەستییەکەی بۆ بڕی. لەو کاتەی جابی و پیاوەکە سەرقاڵی بڕینی بلیتەکە بوون، کابرا بە نیازی جگەرە تێکردنێك خەریکی ئەو کیسە بوو، کە جگە لە هەندێك تۆزی توتن نەبێت هیچی تێدا نەمابوو، دوانەکەی تریش سەیری کیژۆڵەکەیان دەکردو دەستیان پاندەکردەوەو لچەکانیان هەڵدەقورتاند، وەك ئەوەی بڵێن: سەیری ئەم دەعبا ناکەیت بەو دیمەنە ناشیرین و چڵکنەوە چۆن سۆزی خەڵك دەجولێنێت، کیژەکەش ئەم جارە بە پێچەوانەوە تەنها شانەکانی هەڵدەتەکاند وەك پێیان بڵێت جا ئەوە چی پەیوەندی بە منەوە هەیە، بەلام ئەوان وەك کەسێك بای کردبێت خەریك بوو دەبوون بە دوو کەرتەوە.

پاش ئەوەی پیاوەکە بلیتەکەی لەدەست جابیەکە وەرگرت و دایە دەستی کابرا، کابرا هیچ لە شوێنی خۆی نەبزوت وەك کەسێك توشی کارەساتێکی چاوەنواڕ نەکراو بوو بێت بە حەپەساویەوە تەنها دوو چاوی مابوو گوزارشتی پێ بکات لە کابرا ڕاما، بەلام کابرا

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

نەیدەویست ئەو دیمەنە تراژیدیا ببینێت بۆیە بەپەلە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆیی و دەستی برد لەناو جانتایەکدا قوتویەکی دەرهێنا، کە لەو جگەرەی تێدابوو خۆی دەیکێشا.

پیاوەکە جگەرەیەکی دەرهێنا بەنیازی ئەوەی بۆ کابرای بەرێت، ژنەکە پێی گوت: کارێکی باشت کرد.

– نازانم، کارێکی باشم کردووە یا خراپ، بەڵام هەست دەکەم بارێکی قورس لەسەر شانم لاچوو، پیاوەکە ئەم قسەی کردو بەرەو لای کابرا ڕۆیشت، ئەگەرچی ئەو بەدەستە چرچنە لەرزۆکەکانی هەر خەریکی کۆکردنەوەی تۆزی توتنەکە بوو لەناو کیسەکەدا، جگەرەکەی دایە دەستی و بەچەرخی ناو دەستەکەی تری جگەرەکەی بۆ پێکرد. کابراش وەك هەر جارێکی تر بەڕوخسارە ڕەش داگەڕاوەکەی، کە وەك هەرچی غەمی دونیا هەیە لەو ڕوخسارەدا کۆبووبێتەوە چاوەکانی زەق کردەوەو لە کابرای ڕوانی بە بێ ئەوەی وشەیەك لەزاری بێتە دەر دەستی بە مژلێدانی جگەرەکە کرد.

دوو پیاوەکە بەم دیمەنە زۆر حەپەسان بۆیە ئەم جارەیان کەوتنە گاڵتەکردن بە پیاوەکەو سەیری کیژەکەیان دەکردو بە ئاماژەی پەنجەو چاو دەیانویست بە کیژەکە بڵێن: سەیری ئەم بێ ئەقڵە بکە چۆن خزمەتی سواڵکەرێکی پیس و پۆخڵ دەکات، بەڵام کیژەکە نەیدەویست خۆی لێیان تێبگەیەنێت، ئەگەرچی دیمەنی ئیرەیی ئەو دوو پیرە پیاوە ئەوەندە قۆشمە بوو بزەی دەخستە سەر لێوەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەشان هەڵتەکاندنێك هیچ نەدەگوت.

پیاوەکە گەڕایەوە لای ژنەکەو دیسان دەستی برد لەناو یەکێك لە جانتاکاندا سێوێکی دەرهێناو بەرەو ڕووی کابرا ڕۆشتەوەو سێوەکەی دایە دەستی، کابراش وەك هەر جارێکی تر بەدەستەکەی تری سێوەکەی وەرگرت و بەپەلە کەوتە قەپاڵ لێ گرتنی و بەچاوە زەقەکانی بەبێ ئەوەی تەنانەت سوپاسیشی بکات لەپیاوەکە بەحەپەساوییەوە دەیڕوانی.

کاتێك پیاوەکە دیمەنی کابرای بەو شێوە دەبینی دەیخواست چەند پێی دەکرێت یارمەتی بدات، چونکە لەوە دەچوو بەو کارە باری لەشی سوکترو سوکتر دەبێت، بەڵام دوو پیاوەکە تا دەهات فشاری دەروونیان بۆدەهات بەشێوەیەك مرۆڤ هەستی دەکرد ئێستا نا کەمێکی تر دەتەقنەوە بەڕووی پیاوەکەدا.

کابرا بەردەوام و بەپەلە مژێکی لەجگەرەکەی دەستی دەداو قەپاڵێکی لە سێوەکەی ئەو دەستەکەی دەگرت و بەهەمان شێوە بەچاوە زەقە کزەکانی ئاوڕێکیشی لە دوو پیاوەکە دەدایەوە، بەڵام ئەوان لە لچ هەڵقورتاندن زیاتر هیچیان نەدەگوت. پیاوەکەی تر گەڕایەوە لای ژنەکە، ژنەکەش لەفەیەکی لەجانتاکەی دەرهێناو بێ ئەوەی بهێڵێت پیاوەکە دابنیشێت، دایە دەستی بە نیازی ئەوەی بیبات بۆ کابرا، ئەویش بەم کارەی ژنەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، بۆیە بەپەلە گەڕایەوە لای کابراو لەفەکەی دایە دەستی، کابراش وەك هەر جارێك لە جارەکانی تر بێئەوەی هیچ بڵێت، لەدەستی وەرگرت و کەوتە قەپاڵ لێگرتنی، ئیتر دوو پیاوەکە وەك ئەوەی چیتر لە وزەیاندا نەما بێت، سەیری کیژەکەیان دەکردو بەدەست ئاماژەیان بۆ پیاوەکە دەکرد و قاقا پێدەکەنین، بەڵام نە کابرا نە پیاوەکە خۆیان لەم پێکەنینە بێزارکەرە تێنەگەیاندو کیژەکەش ئەوەندە بێزار بوو بوو نەیدەزانی چۆن و بەچی شێوەیەك ناڕەزایی خۆی دەرببڕێت، ئەوەندە نەبێت ڕووی بەرەو لای پەنجەرەکە وەرگێڕاو تەماشای دەرەوەی دەکرد.

پاش ماوەیەك بێدەنگی شەمەندەفەرەکە بەرەو لەسەر خۆبوونەوە دەڕۆیشت، کابرا دەستی بە خۆ کۆکردنەوەکردو هەستایە سەرپێ بەرەو لای ژن و پیاوەکە ڕۆیشت و لەبەرامبەریان لەتەنیشت چەند جانتایەك دانیشت. شەمەندەفەرەکە تا دەهات خێراییەکەی کەمتر دەکردەوە، لەو کاتەدا ژنەکە بە نیازی سەرئاو هەستا، کابراش وەك ئەوەی پەلەی بێت بە چەند دێڕێك سوپاسی پیاوەکەی کرد.

– بۆ کوێ دەچیت؟

– ئێستا دادەبەزم

– هیوای سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم

کابرا هەستا بەرەو لای دەرگای شەمەندەفەرەکە بەڕێکەوت، دوو پیاوەکە قاقا پێدەکەنین و سەیری کیژەکەیان دەکرد و دەستیان بۆ لای کابرا درێژ دەکرد وەك ئەوەی بە کیژەکە بڵێن: خۆ بینیت!، بەڵام کیژەکە وەك هەرجارێکی تر شانەکانی هەڵدەتەکاند زوو زوو سەیرێکی تەلەفۆنەکەی ناو دەستی دەکرد، وەك ئەوەی هاکا زەنگیان بۆ لێدا.

شـەمەندەفەرەکە لـە شـاری (ئاوگسـت بـۆرگ) وەسـتا. ژنەکە گەڕایەوە لای پیاوەکە، لەو کاتەدا ویستی دابنیشێت، سەیری کرد جانتا بچـکۆلەکە، کـە لەسـەر جانتاکانـی تـر دانرابوو نەماوە، ئەم هەواڵە هەردووکیانی شڵەژاند، بەڵام هەردوو کابرا وەك هەستیان پێکردبێت سەریان بەیەکەوە دەناو پاش چپەچپکردن بە شێوەیەك قاقا پێدەکەنین ئاو بە چاوەکانیاندا دەهاتە خوارەوە.

پـیاوەکە بەپەلـە ڕۆیشت جابیەکەی دۆزییەوەو مەسەلەی نەمانی جانتاکەی تێگەیاند، بەڵام جابییەکە گوتی من ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم.

– بەڵێ تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت، بە ناوی کابرا
– ئاخر من ئەو کابرا ناناسم!
– ڕاستە، بەڵام لەسەر ئەو فۆرمەی یەکەم جار پڕت کردەوە ناوو مێژووی لەدایك بوونی هەیە.
– وایە ڕاستە، بەڵام من دڕاندم و فڕیم دایە ناو تەنەکەی خۆڵەوە.
– ئاخر دەتوانیت بیدۆزیتەوە

جابیـەکە ڕۆیشـت لـە تەنەکـەی خۆڵـی ژوورە تایبەتیـیەکەی خۆی فۆرمە دڕاوەکانی دۆزییەوەو هێنای. پێکەوە پارچەکانیان بەیەکەوە لکانـد هـەتا بـە ئاسـانی بـۆیان بخوێندرێـتەوە. لـەولاوە ژنەکـە ئۆقـرەی لێـبڕابوو، بـۆیە چیتر خۆی پێنەگیراو هاتە لایان و ڕووی کردە جابیـەکەو گوتـی: ئـەو بـێ ناموسـە ئـێمە خـزمەتمان کـرد، کەچـی ئـەو جانـتایەی بـردووە تایـبەت بـوو بـەدیاری چەژنی لەدیك بوونی کوڕەکەم، کە ئێستا ئێمە ئەو هەموو ڕێگا بۆ ئەو مەبەستە دەبڕین.

کیژەکە کاتێك گوێی لەقسەکانی ژنەکە بوو داچڵەکی و کەمێك سەری ڕاوەشاندو ڕووی لە ژنەکە کرد

– کوڕەکەت لە میونشن دەژی
– بەڵێ، سبەینێش جەژنی بیست و هەشت ساڵەی لەدایك بوونێتی
– ناوی چییە، ئەگەر بتوانم بپرسم؟
– پێتەر
– پێتەر شمیدت
– بەڵێ چۆن دەیناسیت؟
– من جەسیکای هاوڕێی ئەوم، وا بزانم چەند جارێك بەتەلەفۆن پێکەوە قسەمان کردووە، ئێستا لە وێستگا چاوەڕێمانە.

کـیژو ژنەکـە باوەشـیان بەیەکـدا کـردو ئـەملاو لای یـەکتریان ماچـکرد، بـەڵام پـیاوەکە لەگەڵ جابیەکەدا هێشتا خەریکی خوێندنەوەی ناوەکـە بـوون هـەتا تەلەفـۆن بـۆ پۆلـیس بکـەن. دوو پـیاوەکەش بـەو دیمەنە چاوەنواڕ نەکراوە قاقاکانیان وەستان و توڕەو گرژییەك کەوتە ناوچەوانیان، بە پێچەوانەی پێشووەوە ئێستا بەدەنگی بەرز قسە دەکەن و هەندێکجار بە ئەژنۆکانیاندا دەدەن.

جابـیەکە دەسـتی بـرد تەلەفـۆن بـۆ پۆلیس بکات و ناوی کابرایان بداتێ، پیاوەکە گوتی: ئەو دوو بەڕێزەش گەواهیدەرن و ڕووی کردە دوو پـیاوەکە بـە نـیازی ئـەوەی ناوەکانـیان بـۆ گەواهـی وەربگرێت، بەڵام ئەوان ئەوەندە توڕەو گرژبوون نەیاندەزانی چۆن خۆیان لەو توڕەبـوونە بەتاڵ بکەنەوە، بۆیە وەك کەسێك دەمێك بێت بە شوێن تۆڵەدا بگەڕێت، پێکەوە گوتیان نەخێر بەڕێز ئێمە ناتوانین گەواهی بۆ کەسێك بدەین، کە خزمەتی دز بکات هاهاهاها.

14. 6. 2003 München